**بۆ سەروەریی نەتەوەیی گەوهەرییە**

**بۆ فیدرالیزم و کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک کورتهێنن؟**

مانی ڕەحیمی

کەشمیر نەتەوە و وڵاتێکی خاوەن شووناس و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەتی؛ لە ١٩٤٧ کە بڕیار بوو سەربەخۆیی وەربگرێ کەوتە بەر هێرشی نافەرمی دەوڵەتی تازەدامەزراوی پاکستان؛ میری کەشمیریش بۆ بەرگری پەنای بۆ هیندستان برد. هیندییەکان ئامادە بوون شەڕ بۆ کەشمیر بکەن ئەگەر لە بەرامبەردا سەروەریی نەتەوەیی خۆیان هەڵوەشێننەوە و وەک ویلایەتێکی نیمچە-کۆنفێدڕاڵ تێکەڵ بە هیندستان بێت.

شەڕی هیندستان و پاکستان لەسەر کەشمیر لەسەر خاکی کەشمیر و لەسەر پشتی نەتەوەی کەشمیر دەستی پێکرد، دوای زیان و زەرەرێکی زۆر، لە ١٩٤٨ لە پەیمانێکی درۆینەی ئاشتی، هیندستان و پاکستان "کەشمیر"یان لە نێوان خۆیان دابەش کرد، دواتریش چین لە ١٩٦٢ لە هێرشێکدا بەشێکی کە لە ژێر دەسەڵاتی هیندستان دا بوو داگیر کرد.

لە ١٩٤٧ـەوە هەتا ئێستا سێ (٣) شەڕ بە فەرمی لەسەر خاکی کەشمیر دا لە نێوان داگیرکەراندا ڕووی داوە و ئەوەی ئێستا دەبێتە چوارەمین شەڕی فەرمیی کە لە ڕاستیدا لەسەر دابەشکاری و داگیرکاریی ئەو سێ داگیرکەرەی وڵاتی کەشمیرە.

هیندستان و پاکستان لە ڕاستیدا نە وڵاتن و نە نەتەوە، بەڵکو دوو دەوڵەتی داگیرکەری ئیسلامی و هیندوسین کە ئینگلیز خۆی لە پروسەی ئەندازیاریکراوی دیکۆلۆنازەیشن و گوزار بۆ نیوکۆلۆنیالیزمی خۆی لە کۆمپلۆیەکی ساختە بە جڵەوداری "گاندی" لەسەر بنەمای دەوڵەتسازی بۆ دینی هیندوس و دینی ئیسلام بەمەبەستی بنیاتنانی ململانێیەکی هەتاهەتایی، ناڕاستەوخۆ دایمەزراندن.

لەو ڕێگایەوە پێشیان بە سەرهەڵدانی ناسنامەی ڕاستەقینەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی دەیان نەتەوەی گەورەی وەک پەنجاب، بەنگاڵ و تامیل و گوجەرات و کانادا و سندی و مایتیل و ئۆدیا و ماراتی... گرت. ئێستا هەندێک لەو نەتەوانە زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆنن و بەشی هەرە زۆریان لە سەرووی ٤٠ ملیۆنن. هەندێک لە نەتەوە بێدەوڵەتانەی هیندستان و پاکستان لە کورد گەورەترن، هەرچەندە ناوی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا ناسراوە. دیارە هیچکام لەو نەتەوانە وەک کورد نەکەوتوونە بەر شاڵاوی نکۆڵی و جینۆساید، بەڵام هەرواش زۆربەیان خەونی سەربەخۆیی نەتەوییان بەلاوە نەناوە.

هیندستان وڵاتێکی فیدراڵە کە لە دەستورەکەیدا (یاسای بنەڕەتیدا) خۆی وەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێناسە دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی کە وەک دەوڵەت خۆیان پێناسە دەکەن تەنیا جۆرێک دەسەڵاتی پارێزگایی نیمچە-ئۆتۆنۆمن نەک دەسەڵاتی خۆجێیی، واتا لە شتێک لەنێوان پارێزگا و دەسەڵاتی خۆجێییدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە دابەشکاری ئیداریدا لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و پارێزگاکاندا لە کۆی ١٦١ ئەرکی ئیداری تەنیا ٦١ ئەرکی لەسەر پارێزگایە و ١٠٠ ئەرکەکەی دیکە

کە ویدەچێ گافیەگاف زیاد بکا، بە دەست دەوڵەتی ناوەندییە. ئەوە وا دەکات کە فێدرالیزمی هیندی زۆر جێگای مشتومڕ بێ و ئەو باوەڕە زاڵتر بێ کە دەوڵەتێکی ناوەندگەرا (یونیتاری) بێت زیاتر لە فیدرالی.

لە یاسای هیندستان دا بە پێی ماددەی ٣٧٠ کەشمیر پێگەی سیاسی جیاوازی پێدراوە، کە مافی هەبوونی دەستووری تایبەت بە خۆی و دەزگای نیمچە-دەوڵەتی و ئاڵای خۆی پێ ڕەوا بینراوە، کە تا ئاستێکی زۆر هاوشێوەی "هەرێمی کوردستان"ـە، بەڵام چۆن دەوڵەتی ناوەندی هیندستان بەهێزە، وەک هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر بە ناوەند سەرکەشی پێ ناکرێت، لانیکەم تا چەند ساڵیک پێش ئێستا.

نارندا مۆدی، ڕێبەری پارتە هیندو توندئاژۆیەکە، لە ٢٠١٤ لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک دەسەڵاتی بە دەست هێنا، کە یەکێک لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی هەڵوەشاندنەوەی مادەی ٣٧٠ ی کەشمیر بوو، کە بێگومان کردەوەیەکە لە هزری شۆڤێنیزمی هیندوسییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێستا دوای پێنج ساڵ دەسەڵات "هیندستانی دیموکراتیک" لە ڕێگەی هەڵبژادنێکی دیموکراتیکەوە فاشیزم زاوە و هێرشیش بۆ ئەو نیمچە مافە دەکات کە کەشمیر هەیەتی و ئەو دەسەڵاتە خۆجێییەی لێ دەستێنێتەوە.

یەکەم هۆکاری سەرەکی کە کەشمیر وەها دەکەوێتە ژێر هێرشی هیندستان و دەسەڵاتە خۆجێییەکەی لێ زەوت دەکرێت، ئەوەیە کە سەروەریی نەتەوەیی خۆی لە ١٩٤٧ بە دەوڵەتێک (هیندستانێک) بەخشی کە بە مۆدێلێک لە کۆنفێدرالیزمی دیموکراتیک پێی نایە مەیدانی سیاسەتی جیهان، هەرچەندە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە فێدرالیزمێکی تەواو نەبوو، بەڵام مۆدێلی نێوان هیندستان و کەشمیر، شتێک لە نێوان فێدرالیزم و کۆنفیدرالیزم دایە. واتا فێدرالیستی بوو چونکە سیاسەتی دەرەوە، ئابووری گەورە (ماکرۆ) و پوول، هەروەها سوپا لە دەستی کەشمیر دا نەبوو، کۆنفێدراڵیستیش بوو چونکە ئاڵا، دەستوور و دەزگای دەوڵەتی خۆی هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیموکراسی نەیتوانی بیپارێزێ، چونکە خاوەنی ئەو پارێزبەندییە جیۆپۆلەتیکە نەبوو کە سەروەریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی پێی دەبەخشێ. بۆیە هەر جۆرە کێشەیەک لە نێوان کەشمیر و هیندستان بە کێشەی ناوخۆیی هیندستان هەژمار دەکرێ و مافی دەستتێوەردان لە هەمووان دەستێنێتەوە و دەیدات بە دەوڵەتی ناوەندی، ئەو مافەش بە کەشمیر نادرێ کێشەی خۆی ببات بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان یان دادگا نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر کۆمەڵکوژی ڕووی نەدابێت.

دیارە ئێستا کە پاکستان ملهوڕی دەکات ئەوە نەک یاسایی، بەڵکو تەنیا وەک پشت بەستن بە هێز و دینەوەیە، ئەگەرنا لەڕاستیدا هەر سێ دەوڵەتی هیندستان، پاکستان و چین داگیرکەری وڵاتی "کەشمیر"ن و ململانێی نێوانیان بە هۆی ڕکابەری نێوانیان دایە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ئاماژەی پێکرا، شەڕ و ململانێ لەسەر کەشمیر دەچێتە خانەی تیۆری گەمەوە، ئەو شەڕە گەمەیەکی کۆتاییدارە (فاینایتە) لە ناو گەمەی بێپایان (ئینفینیتی) دا لە گۆڕەپانی سیاسی جیهان جێگە دەگرێ و ئەوەش چەندین لایەنی دیکە دەکێشێتە ناو یارییەکە.

چین بەهۆی ئەوەی هیندستان بە ڕکابەری خۆی دەزانێ، بە هەموو شێوەیەک هەتا ئێستا پاڵپشتی پاکستانی کردووە، هاتووتە ناو گەمەکەوە. ئەمریکاش بە سرووشتی خۆی وەک ئەکتەرێکی گەورەی جیهانی ناتوانی لە دەرەوەی یارییەکە بمێنێ، لەبەر چین وەک هاودۆستێکی هەمیشەیی پاکستان لەناو هاوکێشەکەدا دەرکەوێت و ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە بەلای هیندستان دا بچەمێتەوە. ئەورووپا بەلای

هیندستان و رووسیا بەلای پاکستان دا دەشکێتەوە. بێگومان ئەفغانستانیش ڕادەکێشرێتە ناو کێشەکە و بە ئەگەری لاواز یەکێک لە مەترسیدارترین دۆخەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەتوانێ ساز بێت شەڕە لە نێوان پرحەشیمەتترین وڵاتانی جیهان کە خاوەن چەکی ئەتۆمن و لە ئەگەری توندوتۆڵ بوونەوەی شەڕدا هیچ دوور نییە پاکستان ئەو چەکە بەکار بێنێ و لە ئەگەری تەشەنەسەندنی، جیهان ڕووبەڕووی زستانی ئەتۆمی بێتەوە و ژیان لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە. بێگومان ئاگری ئەم شەڕەش لەسەر پشتی نەتەوەی کەشمیر دەکرێتەوە و بەرەو وڵاتی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی دیکە تەشەنە دەکات. لەم دۆخە جیهانییەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە جێگای سەرنجن.

دیموکراسی چۆن توانی لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئێستاش لە هیندستان کە بە شۆڤێنیزم ئاوس بێ و دەوڵەتێکی فاشیست بزێ، لە ئێران و عێراق و تورکیا و سووریای دێموکراتیکی داهاتوودا دەتوانێ بە هەمان شێوە دەوڵەتێکی فاشیستی بزێ کە هەموو دەستکەوتی کورد لە سیستەمی فێدرالیزم و دێموکراسیدا بستێنێتەوە، هەموو ئەو وڵاتانە کەرەسەی ئەو کارەیان لە دەستدا هەیە.

لە جیهانی دڕندەکاندا تەنیا کەرەستەیەک کە دەتوانێ نەتەوەیەک لە فەوتان و هێرش بپارێزێ، سەروەریی نەتەوەییە کە سەربەخۆیی دەبەخشێت و پارێزبەندی جیۆپۆلیتیک هەتا ئاستێکی زۆر دەستەبەر دەکات.

شەڕی ناسنامە و بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووریی لەسەر پشتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەکرێت زۆرترین زیان و وێرانی تووشی ئەوان بکات. بێگومان تێچووی شەڕیش بێدەوڵەتەکان دەیدەن بەبێ ئەوەی هیچ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان هەبێت. بۆ نموونە شەڕی هەشت ساڵەی دوو دەوڵەتی داگیرکەری ئێران و عێراق لەگەڵ یەکدی لەسەر پشتی نەتەوەی کوردستان کرایەوە و هەر ئەو باجە گەورەکەیدا.

ستراتیجی کورد بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی دەبێت بە ستراتیجی هەڵوەشاندنەوەی ئێران لە ڕێگای هاوئاهەنگی لەگەڵ بزاوتی سەربەخۆییخوازی نەتەوەکانی دیکە ڕوو بدات. ئێران لە فۆڕمی دەوڵەتدا هەمیشە بۆ نەتەوەکانی دیکە مەترسیدار و هەبوونی بە واتای تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دێت. بۆیە کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە دەبێ بۆ هەڵوەشاندنی ئێران لە هاوپەیمانییەکی هاوبەشدا بە مەبەستی هەڵوەشاندنی ئێران یەک بگرن. کورد دەبێت بۆ داگیرساندنی بزاوتی سەربەخۆییخوازی نەتەوەکانی دیکە هاوکار بێت.

وانەی کەشمیر پێشانمان دەدا کە بزاوتی پەنجا ساڵەی خودموختاریخوازی، دێموکراسیخوازی بۆ ئێران، فێدرالیزم، کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک و حکومەتی کرێکاری بۆ ئێران، چەمک و تێگەیشتن و ئامانجی بەلاڕێدا بردنی شۆڕشی کوردستان لە سەربەخۆییخوازی بۆ سەربەخۆینەخوازیین.

لە ڕاستیدا جێگای خۆیەتی کە لە شۆڕشی کوردستان دا هێڵی سەربەخۆییخوازی، کە خوازیاری سەروەریی نەتەوەیی و پارێزبەندی جیۆپۆلیتیک و دەوڵەتی نەتەوەیین جیا بکرێتەوە لە خۆدی سەربەخۆیینەخوازی کە هەموو بەرنامە و ستراتیجییەکانی تێکۆشانیان ڕووی لە مۆدێلی دەوڵەتداری لە ئێرانی داگیرکەرە و بۆ کوردستان داواخوازی هیچ پارێزبەندییەک نین، کە کورد لە بەرامبەر بە هێرشی ئابووریی، سیاسیی، لەشکریی و فەرهەنگیی داگیرکەردا بپارێزێت. هەروەک لە ١٦ ی ئۆکتۆبەر، بڕینی چەند ساڵی مووچە و بوودجە لە لایەن بەغداوە و داخستنی فڕۆکەخانەکانی کوردستان، هێرشی فەرهەنگیی فارس و تورک و عەرەب بۆ باشووری وڵات و دەیان نموونەی دیکە، ئەوەیان نیشان داین.

کوردستان نابێت جارێکی دیکە هەڵخەڵەتێ و بە بیانووی ئەوەی دەستمان بە دەریا ناگات یان هێزی شەڕی پێویستمان بۆ ڕزگاری نییە، بخزێتە داوێنی فیدرالیخوازی، دێموکراسیخوازی، کۆنفیدرالیخوازی و سۆشیالیزمخوازی بۆ ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا. ئەم بەرنامە دژەنەتەوەییانە نە لە سەدەی ڕابردوودا و نە لەم سەدەیەدا بچووکترین دەسکەوتیان نەبووە. بۆیە نابێت چی دیکە خوێن بۆ ڕێبازی هەڵە بدرێت، بەڵکو دەبێ خوێن بۆ باوەڕی سەربەخۆیی بدرێت، کە کورد تەنیا ئەو داهاتوویەی لە پێشە و بە نەخشەڕێ و ستراتیجی دروستی نەتەوەیی بە ڕزگاری دەگات.

دوا وشە؛ هەموو ڕێبازێکی چەپ و ڕاست لە کوردستان دەتوانێ بەشداری شۆڕشی ڕزگاری بن، ئەگەر بە گەوهەرێکی نەتەوەییەوە و بە ناسنامەی کوردستانییەوە بۆ ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان و سەروەریی نەتەوەیی لە دەزگایەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا تێبکۆشن و بڕوایان بە دامەزراندنی مۆدێلێکی سێکولار لە کوردستانی سەربەخۆ هەبێت.